
## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (دەسا هەر مەملەکەتی کۆڵانەکەمان)

**ئەحمەد سالار**

مانگانە بۆ گوڵان دەینوسیت



ئەو گەراجەی (خۆجێیەتی) دراوسێمان، هەر سەردەمەو ئەرکێکی لە ئەستۆ دەنرا، سەرەتا، خوێندنی ئامادەیی پیشەسازی و پاشان گەنجینەو گەراجی خۆجێیەتی، پاش شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژ، (دیلان) لەوێ کارمەند بوو، هەر لەو شوێنەش کەژاوەی ئاهەنگی بۆنەکان، بەتایبەتی (١٤)ی گەلاوێژ درووست دەکراو هونەرمەندی پێشەنگ (جەمال بەختیار) وێنەی (عەبدولکەریم قاسم) و سەرکەژاوەکانی دەکرد، ئێمەش بەدیارییەوە رادەوەستاین و بە حەپەسان و سەرسووڕمانەوە، لە دەست و فڵچەکەیمان دەڕوانی، ژوورو بەر هەیوانەکەی (جوبرائیل تۆما) کە لێپرساوی شوێنەکە بوو، ئەرکی ستۆدیۆی دەبینی. پاش ماوەیەك بۆ یەکەمجار (پاس)ی گواستنەوەی ناو شار هاتە ئاراوە، ئیدی باس باسی پاسەکان بوو، هەندێ پێیان دەگوت (ئەمانە) لەبەر ئەوەی لە بەغدا سەر بە (امانة العاصمة) بوو، گوێم لە کەسانێك دەبوو، ئەمەش نەکەن بە پاسەکانی جەژن و تەپڵی پێ لێدەن و (لە خڕەی نێڕی

نێری) تێدا بڵێنەوە، یان (ئەم بەر ئەو بەرە ناسکە دولبەرە). بە ناوشارا دەیانگێڕان و خەڵکی وەك گەشت و سەیران سواری دەبوون ئیدی بەپێی شەقامە سەرەکییەکانی ئەو سەردەمەی شار، وێستگەی وەستانی پاسەکانیان دیاری کردبوو.

ئەوەش هەزارو یەك کێشەو حەقایەتی لێکەوتەوە، یەکێك لەوانە، لەبەر دەمی دوکانی (ئەحە دێرەی خواروی سابونکەران، تەنیشت دوکانی (شمقار) و (کەریمە ڕەش)، خۆی پیاوێکی تا بڵێین دەمارگیر بوو، دوکانێکی سێ گۆشەی یەك مەترونیو دەبوو دوو سێ سەبەتەی بێ رزق و، وێنەیەکی جوانی شێخی نەمر، کە بەرامبەر خۆی هەڵواسرابوو، زۆر جاریش (شێخ لەتیفی حەفید) سەردانی دەکردو تەنیا ئەو کورسییە دارینەییەی شکی دەبرد بۆی دادەنا، خۆشەویستی بوو، لە دوورەوە دەزانرا ئەوە کاکە شێخە، چونکە ئۆتۆمبیلەکەی جیاواز بوو، ژمارەشی (١) سلێمانی بوو، هەمووان کە بەلایدا رادەبووردن هەستێکی تایبەتیان بۆی هەبوو هەرچۆن یادگاریی هەرە ئازیزی شێخی نەمر بوو، زۆر کەس دەیپرسی: ئەوە چۆنە شێخ سەردانی ئەو کابرایە دەکات؟ بەڵام ئەوانەی شێخیان دەناسی، دەیانزانی حیکمەتی ئەو بەسەرکردنەوەیە چییە.

بەهەرحاڵ ئەم پاس هاتنەی شار، بوو بە دەردو بەڵا بۆ ئەو دوکاندارە هەژارەی، خۆی لەخۆیدا نەبوو، ئەمەشی هاتە سەر، هەر خەڵك بوو، پەیتا پەیتا، لێیان دەپرسی : ئەرێ خاڵە، پاسەکە نەهاتووە ؟ دەمێکە رابوردووە ؟ ئەی کەی دەگاتە ئێرە ؟ ...

پاش ماوەیە پردی تەحەموولی پسا، تووڕە دەبوو، نەخێر جنێوی دەدا، تا گەیشتە ئەوەی، کیلۆو ئیزرەم و حۆقەو تای تەرازوی بۆ هەڵدەدان . ناچار لەداخی پاس سەری خۆی هەڵگرت و چووە شاری بەغدا، لەوێش گەڕ گەڕ، لەکۆڵانێکی تەنیشت گازینۆ (کندی) سەر شەقامی (جمهوری) دوکانۆچکەیەکی گرتبوو، دووبارە وێنەکەی شێخی نەمری لە ژووری سەری دانابوو، ئەو گازینۆو گەڕەکەشی شوێنی کوردان بوو، بەتایبەتی کوڕو کاڵانی سلێمانی، لەوێش سەیر لەوەدا بوو نەك پاس، پایسکیلیش بەو کۆڵانەدا نەدەچوو تومەس لالە تووڕەکەی خۆمان، بەو تووڕەکردنە راهاتبوو، بۆیە لەو بەغدا بەرینەدا ئەو شوێنەی هەڵبژاردبوو لەویش وەك سلێمانی سەریان دەکردە سەری.

هەر بەو بۆنەیەوە گەراجەکەی دراوسێمان، کرایە گەراجی پاسەکان، شەوێکیان درەنگ وەختان بوو بەهەراو دەنگە دەنگ : ئادەی پێوەی نێ، بیگرن، رانەکا ... گەورەو بچووکی مەملەکەتەکە بەئاگا هاتن، زانرا: هاتوون پاسەکان بسوتێنن، بۆ بەیانی کەوتنە گرتنی چەند عەرەبانچییەك. دیارە گومانیان لێ کردوون، لەبەرئەوەی هەبوونی ئەو پاسانە، واتە نانبڕینی ئەو کەسانە، بەراستی لەو کات و تەمەنەدا هەستم بەکوێرەوەری ئەو دە پانزە خێزانە هەژارە نەدەکرد. هەتا ساڵی (١٩٧١) لەشاری بەغدا، لە شانۆی (بەغداد) لەلایەن تیپی هونەری نوێوە، شانۆی (الشریعةآ)ی (یوسف ئەلعانی) نمایشکرا، باسی لە گرفتی بەلەمەوانەکانی رووباری (دیجلة) دەکرد کە کاریان گواستنەوەی خەڵکی ئەم بەرو ئەوبەری رووبارەکە بوو، واتە بەری (کەرخ) و بەری (رەسافە)، بەڵام دروووست کردنی پردی نێوان ئەم بەرو ئەوبەر، بۆ خەڵکی پیت و فەڕ بوو، بۆ ئەوانیش نانبڕین و کوێرەوەری، هەر لەکاتی نواندنەکەدا، روخساری بەلەمەوانە کلۆڵەکانی سەر شانۆم لێ بووە رووخساری عەرەبانچییەکانی ئەو رۆژانەی شارەکەم، ئەمجارە کاردانەوەی شانۆییەکە بۆ من دوو ئەوەندەی هەموو بینەرانی ناو هۆڵەکە بوو، منیش لەتەك (سامی عەبدولحەمید)ی ئەکتەری کەسایەتیی ئەو بەلەمەوانەدا، بەکوڵ گریام، بەتایبەت لەو ساتەدا، کە هەواڵی پێ درا منداڵیان بوو، ئەو منداڵەی کە بەکامی دڵ عەزرەتخوازی هاتنی بوو، کە بیستی بەلەمەوان لەخۆشیاندا خەریك بوو شامەرگ بێ، بەڵام کە بیری لە ئایندەی بێ نانی خۆیان کردووە، دایە پڕمەی گریان.. لەولاشەوە (عەبودی) چڕتی بێ هودەیی لێ دەدا.

**گوێم لە کەسانێک دەبوو، ئەمەش نەکەن بە پاسەکانی جەژن و تەپڵی پێ لێدەن و (لە خرەی نێری نێری) تیادا بڵێنەوە، یان (ئەمبەرو بەرە ناسکە دولبەرە). بەناشارا دەیانگێڕان و خەڵکی وەک گەشت و سەیران سواری دەبوون**

**پاش ماوەیە پردی تەحەموولی پسا، تووڕە دەبوو، نەخێر جنێوی دەدا، تا گەیشتە ئەوەی، کیلۆو ئیزرەم و حۆقەو تای تەرازوی بۆ هەڵدەدان . ناچار لەداخی پاس سەری خۆی هەڵگرت و چووە شاری بەغدا**

**هەتا ساڵی (١٩٧١) لەشاری بەغدا، لە شانۆی (بەغداد) لەلایەن تیپی هونەری نوێوە، شانۆی (الشریعە)ی (یوسف ئەلعانی) نوێنرا، باسی لە گرفتی بەلەمەوانەکانی روباری (دیجلە) دەکرد کە کاریان گواستنەوەی خەڵکی ئەمبەرو ئەوبەری رووبارەکە بوو، واتە بەری (کەرخ) و بەری (رەسافە)، بەڵام درووست کردنی پردی نێوان ئەمبەرو ئەوبەر، بۆ خەڵکی پیت و فەڕ بوو**

## موهەننەدی هونەرمەند بە پێیەکانی خۆی رازی نییە!!

ئەستێرەی تەلەفزیۆنی تورکی کیڤانتش تاتلیتۆگ لە لێدوانێکدا بێزاریی خۆی دەربارەی رووخسار و شێوەی دەرەوەی لەشی خۆی دەربڕی و گوتی :شێوەی پێیەکانم زۆر بێزارم دەکات. تاتلیتۆگ کە بە (موهەننەد) ناسراوە و لە زۆر زنجیرەی دۆبلاژکراوی تورکی رۆڵی پاڵەوانی هەیە وەك (العشق الممنوع) لە بارەی شێوەی پێیەکانییەوە گوتی: زۆر جار کە سەیریان دەکەم هەست بە پێکەنینێکی زۆر دەکەم، بۆیە زۆر هەوڵ دەدەم بیانشارمەوە، چونکە پێموایە ئەگەر خەڵك بیانبینێت ناچار دەبن زۆر پێبکەنن. شایەنی گوتنە (موهەننەد) لە وڵاتانی عەرەبی بە نموونەی خۆشەویستی و رۆمانسیەت دادەنرێت، تەنانەت گۆرانیبێژەکانیش لە کلیپەکانیاندا بەشدارییان پێکردووە بۆ ئەوەی گۆرانییەکان لەرووی جەماوەرییەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن، لەوانەش گۆرانیبێژی لوبنانی رۆلا سەعد.



## هۆڵمز لە دوورەپەرێزی رزگاری دەبێت

دوای جیابوونەوەی لە تۆم کروزی هاوسەری،ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی کیت هۆلمز بۆ ماوەی نزیکەی دوو مانگ خۆی گۆشەگیر کرد بوو و نەدەچووە دەرەوە و بەشداری لە هیچ جۆرە چالاکییەکی هونەری و کۆمەڵایەتیدا نەدەکرد بۆ ئەوەی لە زوومی کامیراکان و میدیاکان دووركەوێتەوە.

بەڵام دوای دوو مانگ هۆلمز ئەم گۆشەگیرییەی شکاند و بەشداری لە چالاکییەکی (فاشیون ویك) لە نیویۆرك کرد کە بە یەکێك لە بەناوبانگترین نمایشەکانی جلوبەرگ دادەنرێت لە سەرتاسەری جیهاندا.

لەم بارەیەوە گۆڤاری (کلۆزیر)ی فەرەنسی کە تایبەتە بە هەواڵی ئەستێرەکانی سینەما و ناودارانی جیهان چەند وێنەیەکی هۆلمزی بڵاوکردەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە بۆدی گارد کە بە مەبەستی پاراستنی لە رۆژنامەنووسان یاوەری بوون، چونکە زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامەنووسان بە نیاز بوون پرسیاری ئەوەی لێبکەن کە ئایا کێشەکەی لە دادگا لەگەڵ توم کرۆز بەچی گەیشتووە بۆ ئەوەی مافی پەروەردەکردنی تەواوی (سوری)ی کچە تەمەن ٦ساڵییەکەیان بەدەست بهێنێت.

شایەنی باسە پێشتر کاتی هۆلمز هۆکاری جیابوونەوەی لە توم کروز بۆ ئەوە گەڕاندبۆوە کە توم پەیڕەوی ئایینزای مەزهەبی (ساینتۆلۆجی)یە و ترسی ئەوەی هەیە کچەکەشیان بە هەمان ئایینزای باوکی کاریگەر بێت و ببێتە یەکێك لە پەیڕەوانی.





# رینێە زیلۆگەر روو لە دەرهێنان دەکات

دوای ئەو هەموو سەرکەوتنە بەردەوامانەی کە لە جیهانی نواندندا بەدەستیهێنا، ئەم جارەیان رینێە زیلۆگەری ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی بڕیاری دا روو لە بواری دەرهێنان بکات و دەستی بە یەکەم فیلمی کرد وەك دەرهێنەر.



لەم بارەیەوە رۆژنامەی (هۆلیوۆد ریپۆرتەر)ی ئەمریکی ئاشکرای کرد کە رینێە بۆ یەکەم جار وەك دەرهێنەر لە فیلمی (چوار خولەك و نیو) لە پشت کامیرا دەوەستێت، رۆژنامەی ناوبراو زیاتر ئاشکرای کرد کە فیلمەکە کۆمیدییە و رینێە لە هەمان کاتدا لە پاڵ جۆنی نۆکسفیل رۆڵی پاڵەوانیشی تێدا دەبینێت، لەم فیلمەدا نۆکسفیل رۆڵی جیمی بینیت دەبینێت کە پیاوێکە پابەند نییە بە کات و کارەکانییەوە،بۆیە تووشی گرفتی جیاجیا دەبێت و ژیانی خێزانی هەڵدەوەشێتەوە بەتایبەتی کاتێك گرنگیی زۆر بە جای ئەندرسۆن دەدات کە کچی مامیەتی و رینێە رۆڵەکەی ئەو دەبینێت.

# فاتیما لەگەڵ هاوسەرەکەی ئاهەنگی فیلمە نوێیەکەی گێڕا

بەم دواییە خانمە ئەکتەری تورکی بیرین سات، کە بە فاتیمە ناسراوە بەشداری لە فیلمێکی کارتۆنیدا کرد بەناوی (Brave) و بڕیار وایە بەم زووانە لە هۆڵەکانی سینەمای تورکی نمایش بکرێ. بۆ ئەم مەبەستەش (فاتیما) هەڵمەتێکی پروپاگەندەی بۆ ئەم فیلمانە دەستپێکرد و سەرەتا چەند دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ میدیاکان ئەنجامدا، پەیجی خۆشەویستانی بیرن لە فەیسبوك (Beren Saat lovers) ژمارەیەك وێنەی بڵاوکردەوە لەو دیمانانەی کە لەگەڵ کەناڵی (NTV) ئەنجامیدا بوون و تێیدا باسی ئەوەی کرد کە لە فیلمە کارتۆنییەکەدا دەنگی خراوەتە سەر کەسایەتی شازادە (میریدا). دوای تەواو بوونی دیمانەکەش فاتیما و هاوسەرەکەی کە گۆرانیبێژێکی تورکە بە ناوی کەنعان دۆگلۆ ئاهەنگێکیان بە بۆنەی تەواو بوونی ساز کرد.

هونەرمەند ئاینور دۆغان بۆ گوڵان:

# هونەرمەندە کوردەکانی (TRT 6) هونەرمەندی گەل نین و بەرژەوەندیخوازن



■■■■

**یەکێکە لە هونەرمەندە سەرکەووتوەکانی کورد هەمیشە هەوڵیداوە خزمەتی هونەری کوردی بکات، ئاینور دۆغان ناوێکی ناسراوی گۆڕەپانی هونەری کوردییە، خاوەن دەنگێکی رەسەنە، ئەگەرچی بە زمانی تورکیش گۆرانی گوتووە، بەڵام لەسەر بەردەوامی گۆرانی گوتنی بەزمانی دایکی زۆرجار رووبەڕووی بەربەستی دەوڵەتی تورك بۆتەوە. یەکێك لە ئاواتەکانی ئاینور ئەوەیە دەرفەتی بۆ بڕەخسێت لە باشوری کوردستان کۆنسێرت ساز بکات و لە نزیکەوە بە جەماوەرەکەی شاد بێت، لەم دیمانەیەی گوڵاندا ناوبراو تیشك دەخاتە سەر هەندێ بابەت کە تایبەتن بە گۆرانی و موزیکی کوردی و چەند بابەتێکی دیکەی بەشداری گۆرانیبێژانی کورد لە کەناڵی (TRT 6) و دەڵێت: ئەو هونەرمەندە کوردانەی بەشداری لەم کەناڵەدا دەکەن هونەرمەندی گەل نین و بۆ بەرژەوەندییەکانیان کار دەکەن.**

■■■■

ئەو هونەرمەندانەی دوێنی گۆرانییان بە تورکی دەگوت،بەڵام لەگەل کرانەوەی کەناڵی TRT6 گەڕانەوەو گۆرانییان بەزمانی کوردی چڕی. سەبارەت بەم بابەتە ئاینور راشکاوانە ئەو کەسانە بە هونەرمەندی کاتی ناو دەبات و دەڵێت: بە بڕوای من ئەم جۆرە کەسانە کەسانی ناڕاستگۆن و هەمیشە هونەرمەندی کاتین و لەگەڵ باڵادەستن. ئەمانە بە هیچ شێوەیەك هاوخەمی گەل نین. بۆیە من کاری ئەم جۆرە هونەرمەندانە بە دڵ نابینم واتە کارەکانیان لە دڵەوە نییە تەنیا بۆبەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان کار دەکەن.

زۆر جار لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکان هێرشی توندی کراوەتە سەر لەلایەن چەند کەسێکی رەگەزپەرستی تورك تەنیا لەبەر ئەوەی بە زمانی کوردی گۆرانی گوتووە، ئاینور دان بەوەدا دەنێت کە زۆر جار ئامادەبووانی کۆنسێرتەکە کە هەندێك تورکی نەتەوەپەرست بوون، تەنیا

## لەگەڵ خانمە هونەرمەند تارا جافدا گۆرانییەکی هۆمەری دزەییم بە سەرکەوتوویی نوێکردۆتەوە

چاوپێکەوتنی: هەژار مەموزینی

لەبــەر ئەوەی بە زمانی کوردی گۆرانی وتــووە بەرگەیان نەگرتووە و کۆنسێرتەکانیان پرۆتســتۆ کردووە و بوونەتە هۆی تێکدانی، ئاینور لەم بارەیەوە زیاتر دەڵێت: هێرش کردنە ســەر کۆنسێرتەکانم چەند جار دووبارە بووەتەوە، جارێکیان لەساڵی ١٩٩٠دا هێرشیان کردە سەرمان و نەیانهێشت گۆرانی بڵێین.بەڵام ئەم هێرشەی پێشتر بەرنامەی بۆ دانرابوو، ئەوانەی کاری تێکدەرانەیان ئەنجامدا مەبەســتیان ئەوە بــوو بارودۆخەکە زیاتر بشێوێنن، هەر دوای ئەم کارەش هیچی دی منیان بۆ سازدانی کۆنسێرت بانگهێشت نەکردووە.

ســەبارەت بە هۆکاری سەرەکی و مەبەستی ئەم کارە تێکدەرانە و ئایا کێ لە پشــتەوەیەتی و ئاینور دەڵێت: دەتوانم بڵێم راشــکاوانە ئەوانەی ئــەو جۆرە کردارە ناشــیاوانەیان ئەنجامداوە. هەر ئەو کەســانەن کە بە بوونــی گەلی کورد زۆر نارەحەتن و هــەوڵ دەدەن کورد لە ناوی ببەن جا بە هەرشــێوەیەك و کلتور و فەرهەنگی کوردی کە زۆر دەوڵەمەندە، بشــێوینن، چونکە ئەو جۆرە کەســانە باش دەزانن موزیك بۆ ناســینی کلتوور و فەرهەنگ و ئایینی هەموو نەتەوەیەك زۆر گرنگ و کاریگەرە و لە هەموو ســەردەمێکدا گۆرانی رۆڵی هەبووە لە وشــیار کردنەوەی گەلان و ئاشــنابوونیان بە مێژووی خۆیــان بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە هەمیشــە هونەر دۆست بووین و بە هونەر و گۆرانی گوزارشتمان لە ئێش و ئازارەکانی خۆمان کردووە و شــانازیش بە هونەر و هونەرمەندانی خۆمانەوە دەکەین.

ئاینور لەگەڵ خانمــە هونەرمەند تارا جاف یەکێك لە گۆرانییەکانی هونەرمەنــدی گەورە هۆمــەری دزەیی بە زاراوەی ســۆرانی زۆر بە سەرکەوتوویی نوێکردۆتەوە، دەربارەی ئەم کارەی دەڵێت: من گۆرانییەکی هونەرمەندی گەورە هۆمەری دزەییم گوتووە بە هاوبەشی لەگەڵ خانمە هونەرمەند تارا جاف کە بە چەنگەکەی بەشــدار بوو و ســەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەســتهێنا و لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازییەکی زۆری لێکرا، من ســۆرانی بە یەکێك لە زاراوە خۆشــەکان دەزانم و حەز دەکەم زیاتر گۆرانی بەم زارەوەیە بڵێم.

ســەبارەت بە هۆکارەکانی ســەرکەوتنی هــەر هونەرمەندێك و ئایا مەرجەکانی هونەرمەندی سەرکەوتوو چین، ئاینور بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی خستەڕوو: سەرەتا پێویستە هەر هونەرمەندێك فێری کاری موزیکی بوبێت بە شــێوازی (ئەکادیمی ) پرۆفیشناڵ. وزۆر کاری لەسەر بکات و زۆریش گوێگری گۆرانــی بێت.دواتریش لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە گوێگری دەنگبێژو هونەرمەندە دەنگ ڕەسەنەکان بێت.چونکە لەبنەڕەتدا هونەری کوردی بریتیە لە دەنگبێژی.

لە وەڵامی پرســیارێکدا کە ئایا کام لەمانە(دەنگ-موزیك-تێکست) زیاتر دەبێتــە هۆی پێشــکەوتنی هونەری گۆرانــی؟ خاوەنی گۆرانی (کەچا کــوردا ) بەم شــێوەیە وەڵامی دایەوە:هــەر یەکێك لەمانە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەهەمووی گرنگتر رۆحی مرۆڤە کــە پەیوەســتە بە هەست و ســۆزەوە. بۆیــە هونەرمەنــد لەگــەڵ هەریــەك لە ما نە ( تێکســت - موزیك-دەنگ ) بەهەست و جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە بەکاریان بێنێت.

سەبارەت بە دەرکەوتنی بە جلوبەرگی کوردی لە کۆنسێرتەکان و ئایا حەز دەکات بە چ شــێوەیەك دەرکەوێــت، ئاینور دەڵێت: من زۆر جار لە کۆنسێرتەکاندا بە جلوبەرگی کوردییەوە دەرکەوتووم و جلوبەرگی کوردیم پۆشــیوە و جەماوەریش زۆری بــە دڵ بوو،بەڵام من زیاتر دەمەوێت ئەو جلە لەبەر بکەم کەپێی ئاسوودە دەبم.

دەربــارەی دواییــن کاری هونەری ئاینــور دەڵێت:ئێســتا لەگەڵ دەرهێنەرێکی ئیســپانی کار بــۆ بەرهەمێکی نوێ دەکەم، هەروەها هەر چەندە خۆی لەخۆیدا من کورمانجم. بەڵام لە زاراوەی زازاکیش تێدەگەم و زۆر گۆرانیــش بەو زاراوەیە دەڵێم.بۆیــە گۆرانی گوتن بە زاراوە جیا جیاکانی کوردی خۆشی و حەزێکی زۆرم لەلا پەیدا دەکات.

سەبارەت بەوەی وەکو هونەرمەندێك گۆرانی بەزاراوەی جیاجیا گوتووە لەوانەش زازاکی ئایا ئەم زاراوەیە پەراوێز خراوە، ئاینور گوتی:ســۆرانی و کورمانجــی زۆر پەرەی پێدەدرێت و نەوەی نوێش بە زاراوەکانیان باش فێردەبن.بەڵام زاراوەی زازاکی بە رەوشــێکی زۆر ناخۆشــدا تێپەڕدەبێت و نــەوەی نوێ باش نازانێت. خوێندنگایەك یــا کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بەزاراوەی زازاکی نییە. بۆیە من دەڵێم زازاکی زاراوەیەکی دەوڵەمەندی میللەتی ئێمەیە و پێویستە گرنگی بەم زاراوەیەش بدەین.

ســەبارەت بە ژمارەی کلیپەکانیش ئاینور گوتــی:دوو کلیپیم هەیە. یەکەم لەگەڵ دەرهێنەر فاتیح ئاکین لە(حەسەنکێف) و دووەمیش لەگەڵ دەرهێنەر حوســێن کارەبی و هەروەها بەبەشــداری هونەرمەند تارا جاف بەرهەممان هێناون.

**پرۆفایل**

ئاینور دۆغان (بە تورکی: Aynur Doğan، لەدایکبووی ١٩٧٥ لە پارێزگای دێرســم) گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی کوردە. لە ١٩٩٢ەوە دانیشــتووی ئەستەنبوڵە و لەوێ مۆسیقای خوێندووە. یەکەم ئەلبۆمی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاوکردووەتەوە. بە هۆی گۆرانیی (کەچا کوردان) زۆر ناســرا. ئەم گۆرانییە لە لایــەن دادگایەکی تورکیا بۆ ماوەیەک قەدەغە کرابوو. گۆرانییەکانی بە شێوەزاری کورمانجی و تورکییە؛ بە سۆرانیش گۆرانییەکی هونەرمەند هۆمەری دزەیی نوێ کردۆتەوە.

ئاینــور تــا ئێســتا ژیانی هاوسەری پێك نەهێناوە.



